واتە: ئەگەر ئێوە کافر و بێباوەڕ بن ئەوا خوای گەورە هیچ پێویستی بە پەرستنی ئێوە نییە وبێ پێویستە لێتان، وەهەرچی لە ئاسمانەکان وزەویدایە خوای گەورە دەپەرستن و مل کەچین، بەڵام لەهەمان کاتدا خوای گەورە بە کوفر رازی نابێت بۆ بەندەکانی، وەئەگەر ئێوە سوپاس گوزاری بکەن ئەوا رازی دەبێت لێتان.

وەدەفەرمێت: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾ [المائدة: ٣].

واتە: ئەمڕۆ من دینەکەم بۆتان تەواو کرد وبەخششی خۆم تەواو رژاند بەسەرتاندا ورازی بووم کە ئیسلام دینی ئێوە بێت.

وە پیرۆزبایی لێ کردنیان بەم بۆنانەوە حەرامە وجیاوازی نییە ئەگەر لەگەڵتاندا کار بکەن یان نا.

وە ئەگەر ئەوان پیرۆزباییان لێکردین بەبۆنەی چەژنەکانیانەوە ئەوا ئێمە پیرۆزباییان لێ ناکەین لەسەر ئەو شتە، چونکە چەژنی ئێمە نییە، وەچەژنانێکە کە خوای گەورە پێی رازی نییە،



چونکە یاخود داهێنراوە لە دینەکەیاندا، یاخود لە شەرعەکەیاندا هەبووە بەڵام سڕاوەتەوە بە دینی ئیسلام کە خوای گەورە محمدی ﷺ پێ ناردووە بۆ لای هەموو خەڵکی بی تێکرا، کە دەفەرمێت: ﴿وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ [آل عمران: ٨٥].

واتە: هەرکەسێك جگە لەئیسلام داوای دینێکی تر بکات و هەڵی بژێرێت بەسەر ئیسلامدا ئەوا لای خوای گەورە لێی وەرناگیرێت، وەلە دوا رۆژیشدا لە زەرەر مەندان دەبێت.

وە حەرامە موسڵمان بەدەمیانەوە بچێت بەم بۆنانەوە، چونکە ئەمە گەورەترە لە پیرۆزبایی کردنیان، وە چونکە چون بۆ لایان بەشداری کردنیانە لەو ئاهەنگەدا، هەروەها حەرامە موسڵمان خۆی بچوێنێت بەکافران بەوەی کە ئاهەنگ بگێڕێت بەم بۆنانەوە، یاخود دیاری بگۆڕێتەوە، یاخود شیرینی دابەش بکات، یاخود خواردن ببەخشێت، یاخود خۆی لەکار بخات وهاوشێوەی ئەمانە، چونکە پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت: ( مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُم )[1].

(١)- (صحيح الجامع الصغير: ١/ ٢٨٣١).



واتە: هەرکەسێك خۆی بچوێنێت بەهەر کۆمەڵێك ئەوا ئەویش لەوان دەژمێردرێت. وە شیخ الإسلام إبن تيمية ( رەحمەتی خوای لێ بێت) لە پەرتوکەکەیدا (إقتضاء الصراط المستقيم مخالفة أصحاب الجحيم) دەفەرمێت: ( خۆ چواندن پێیان لە هەندێك لە چەژنەکانیان دڵیان خۆش دەکات بەو بیروباوەڕە بەتاڵەی کەلە سەرین، وەلەوانەیە وایان لێ بکات کە هەلەکان بقۆزنەوە وباوەڕ لاوازەکان بەلای خۆیاندا رابکێشن.

وە هەرکەسێك بەشداری شتێك لەوانە بکات ئەوا گوناه بارە، ئیتر جیاوازی نییە ئەگەر لە رودا دامان کردبێتی یاخود لە خۆشەویستیاندا، یاخود لەشەرمدا، یاخود جگە لەم هۆکارانە، چونکە ئەمە لە نەرم کردنی دینی خوایە، وەلە هۆکارەکانی بە هێز کردنی دەروونی کافرانە وشانازی کردنیانە بە دینەکەیانەوە.

داواکارین لە خوای گەورە کە موسڵمانان بە عیزەت بکات بەدینەکەیان و دامەزراوییان پێ ببەخشێت لەسەری وسەریان بخات بەسەر دوژمنەکەیاندا هەر ئەو بە هێز ودەسەڵاتە[1].

والحمد لله اولاً وآخرا

(٢)- (فتاوى وأذكار لإتحاف الأخيار: ص٢٩-٣٢).